# سوتانی رۆح لەبەردەم ئاوێنەی گریاندا


کەژال ئیبراهیم خدر

kazhal_3@hotmail.com




پێم گوناه بوو

ئەوکاتەی دەمبینی رۆح دەسووتاو

دووکەڵ لەعشق هەڵدەستا

ئاو بەو هەموو نەرمییەوە

هەڵچوونی بەکەس نەوەستا

شەپۆلی تورەیی تورِی دام

ناچار بووم ئاگر بنێمە جەستەت،

ئەی جوانترین ژوان

نەبادا جارێکی تر بگەرِێیتەوە

ئەو ماڵە پرِ ترسەی لێهاتووی

بسووتێ ئەی عشق، سوتانێک خۆشترە

لەسواربوونی بۆراقی توورِەبوون

بگریە گریانێک جوانترە

لە تریقانەوەی مرۆڤە کاڵفامەکان

ئەو دەمەی تەمای شەرِم هەبوو

لەگەڵ ئاگر

ئیدی زانیم من مرۆڤێکی دۆزەخیم

ئاگر دایکمەو دووکەڵ باوک

ناچار دەبێ بگەرِێمەوە ئامێزیان و

تا بەئاسوودەیی بسووتێم

کە بیستم شارەکەم بۆتە وێرانە

منیش ویستم

ئەو واقیعە قێزەونە جێ بهێڵم و

سەرێک لە کۆڵانەکانی شێتی بدەم

ئای خودا بە ئیزرائیل بڵێ:

باقدومی بفەرمووێ بۆ کێشانی رۆحم

کەس شک نابەم شەهادەی عشقی پێبێنم

چەند قێزەونە کە ژیانت دۆزەخ بێت


PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تا لەبەر باران نەوەستم ئاسوودەنیم

چونکە ئاسمان لە چاوە سحراوەیەکانی تۆ دەکاو

لەساڵ رۆژی لەدایک بوونی حوزنمدا

تەمای بارینی هەیە

بەنیازم چاوم لەسەر رێگەی سەفەر راخەم

تابێ سنور بێ سانسۆر

نیگای چاوەکانت بکات

نەمزانی پێدەچوو لەمێژبێ نیازت بێت

گۆرانی بۆ مەرگی عەشق بڵێی

بەنیازبووی دڵی منو بارانو ئاگر

دڵی دووکەڵو عەشقو ژوان

دڵی چاوم ئاسان زویر بکەی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com